www.kurdistannet.org
8-2-2006 15:47 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# له ئەنجامی تەقەکردنی کۆمەڵێک بەڵێندەری کۆمپانیا بیانیەکان دوو هاوڵاتی له گەرەکی رەحیماوای کەرکووک گیانیان له دەستدا

تاریق محەمەد ـ کەرکووک

سەعات ٤:٣٠ ی ئێوارەی ٧ /٢/ ٢٠٠٦ کۆمەڵێک بەڵێندەری کۆمپانیا بیانیەکان لە گەرەکی رەحیماوەی شاری کەرکووک تەقەیان لە شۆفێرێکی تەکسی کرد کە گوایە لێیان نزیک بۆتەوە لە ئەنجامدا دوو شۆفێر گیانیان لە دەستداو هاوڵاتیەکیش بریندار بوو، هەر لەگەڵ رووداوەکەشدا هێزەکانی فەرەرەگەز گیشتنە شوێنی رووداوەکەو ناوچەکەیان داخست و ئەم رووداوەش وای کرد خەڵکی رەحیماوا بەردبارانی کاروانی هێزەکانی فرەگەز بکەن و رووداوەکەیان خستە ئەستۆی ئەوان، ئەوانیش بەئاراستە کردنی لوولەی چەکەکانیا ن توانیان خەڵکەکە بڵاوە پێبکەن. جێی باسە لە خۆپیشاندانی مانگی رابردوو کە خەڵکی رەحیماوا رژانەسەر شەقامەکان لە لایەن هێزەکانی فەرەنەتەوە تەقەیان ئاراستەکراو دوو هاوڵاتی تر بوونە قوربانی. دواتر هێزەکانی فرە نەتەوە لە کەرکووک داوای سازدانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەییان کرد بۆ روونکردنەوەی رووداوەکە، کۆنگرەکەلەبەرێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکووک بەستراو هەر یەک لە (کۆلۆنێل جۆنسن) سەرکردەی فەوجی دووی هێزەکانی فەرەرەگەز و لیوا (شێرکۆ شاکر) فەرماندەی فەرماندەیی پۆلیسی کەرکووک و لیوا (تۆرهان) بەرێوەبەری پۆلیسی کەرکووک ئامادەی بوون تێدا (کۆلۆنێل جۆنسن) رەتی کردەوە ئەو رووداوە لەلایەن هێزەکانی فەرەنەتەوەوە بووبێت بەڵکو ئەوانە کۆمەڵێک بەڵێندەری بیانی بوونە، لەلایەن خۆیشیەوە لیوا (شێرکۆ شاکر) وتی رووداوەکە بەهەڵە بووەو بە هۆی نزیک بوونەوەی شۆفێرەکە بووە لە کاروانی ئۆتۆمۆبیلەکانی بەڵێندەرەکان. لە لێدوانێکدا (رزگار عەلی) سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک هاوخەمی خۆی بۆ خەڵکی رەحیماوا دەربڕی و بڕیاری دا قەرەبووی کەس و کاری قوربانیان بکاتەوەو تاوانباران بەسزای عادیلانەی خۆیان بگەیەنێت و تۆڵەیان لێبستێنێتەوە داوایشی لە خەڵکی رەحیماوا کرد خۆراگربن و دان بەخۆیاندا بنێن و دوور بکەونەوە لە کاری توندوتیژی